

# کوردستانی عێراق، دیاریکردنی ئاینده‌ی سیاسی‌و دابینکردنی ژیان‌و گوزه‌ران!

محسن کریم

حوزه‌یرانی 2005

بوونی ئارامیه‌کی سیاسی نیسبی له‌ کوردستانی عێراق له‌ چاو باقی ناوچه‌کانی دیکه‌ی عێراق شتێکه‌ که‌ ده‌کرێت ببینرێت. به‌ڵام مه‌سه‌له‌که‌ به‌مه‌ ته‌واو نابێت. ئه‌م ئارامیه‌ نیسبیه‌ی ئێستا به‌رهه‌می بارودۆخێکی سیاسی گشتیی عێراقه‌ که‌خۆی ناجێگیرو نائارامه‌و هه‌ر ساتێک ئه‌گه‌ری تێکچوونی هه‌یه‌. ئه‌ویش به‌ ساده‌یی له‌به‌رئه‌وه‌ی که‌ هاوسه‌نگی سیاسی‌و سه‌ربازیی ئێستای نێوان هێزه‌ جۆراوجۆره‌کانی عێراق جێگیرو بڕاوه‌ نی یه‌و له‌جێگه‌ی راسته‌قینه‌و واقعی خۆیاندا قه‌رارییان نه‌گرتووه‌. کۆمه‌ڵێک فاکته‌ری ده‌ره‌کی هاتونه‌ته‌ ناو هاوکێشه‌کانی عێراقه‌وه‌. به‌ پله‌ی سه‌ره‌کی حوزوری ئه‌مریکا له‌ عێراق که‌ به‌رژه‌وه‌ندی‌و ئامانجه‌ ستراتیژییه‌کانی له‌ئاستێکی به‌رین‌و فراوانتر له‌چوارچێوه‌ی عێراقدا تاقیب ده‌کات‌و خودی عێراق‌و ئاراسته‌ی سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تی عێراق وه‌کو پاشکۆی به‌دیهاتنی ئه‌م ئامانج‌و ستراتیژه‌ سیاسی‌و ئابووری‌و سه‌ربازییه‌ی له‌ ئاستی جیهاندا چاو لێ ده‌کات.

چاره‌سه‌ری کێشه‌ی کورد له‌ سایه‌ی ئه‌م بارودۆخه‌ سیاسی‌و حکومه‌تیه‌ی ئێستای عێراقدا هیچ ئاسۆیه‌کی دیار نییه‌. ئه‌و هێزانه‌ی بۆرژوازی عێراقی که‌ حکومه‌ت‌و ئیداره‌ی ده‌وڵه‌تیان له‌لایه‌ن ئه‌مریکاوه‌ پێ‌سپێردراوه‌، شتێک به‌ناوی چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی کورد له‌ به‌رنامه‌و ئه‌جنده‌ی سیاسیاندا نییه‌. وولات‌و ده‌وڵه‌تی عێراق پێناسه‌ی عه‌ره‌بی-ئیسلامی هه‌یه‌. ناسیۆنالیزمی کورد فیدراڵیزمی نه‌ته‌وه‌یی له‌چوارچێوه‌ی عێراقی عه‌ره‌بی ئیسلامیدا به‌ وه‌دیهاتنی خه‌ونی دێرینه‌ی خۆی داده‌نێت.ئه‌و به‌شه‌ی ناسیۆنالیسته‌کانی عه‌ره‌ب‌و ئیسلامی سیاسیی—عه‌ره‌بی که‌ خۆی به‌ میراتگری شه‌رعی ناسیۆنالیزمی عه‌ره‌ب ده‌زانێت‌و ئێستا له‌ حکومه‌تدان له‌گه‌ڵ ناسیۆنالیزمی کورد دا، ته‌نانه‌ت ئه‌م ئاسته‌ش له‌ ئیمتیازدانی سیاسی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی هاوپه‌یمانی خۆی به‌ ره‌وا نابینێت! ئه‌وبه‌شه‌ی دیکه‌ی ناسیۆنالیزمی عه‌ره‌ب‌و پاشماوه‌کانی به‌عس‌و ئیسلامی سیاسی بنلادنی که‌ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌مریکادا وه‌ستاونه‌ته‌وه‌، هه‌ر له‌ئێستاوه‌ په‌یامی قه‌تڵ‌وعامی خه‌ڵکی کوردستانیان راگه‌یاندووه‌و به‌ به‌شێک له‌ "جیهادی نه‌ته‌وه‌یی‌و دینی" ته‌ماشای ده‌که‌ن. به‌پێی به‌رنامه‌ی سیاسی ئه‌م هێزانه‌ی بۆرژوازی بڕیاره‌ خه‌ڵکی عێراق له‌سه‌ر ساغکردنه‌وه‌ی ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی هه‌ر مه‌تره‌ چوارگۆشه‌یه‌کی عێراق به‌رببنه‌ گیانی یه‌کتری‌و لافاوی خوێن به‌رپێبخرێت!

وەکو مەنسوری حیکمەت دەڵێ: (تا ئەو کاتەی  کە ناونیشانی "کورد" بە مانای ئینتسابی فەرد بێت بۆ توێژێکی "کەمینە"و"پلە دوو" لە کۆمەڵگادا ، مەسەلەی کورد لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە...). لە تەرحی فیدراڵیزمی نەتەوەییدا کە ناسیۆنالیزمی کورد وەکو ڕێگاچارەیەکی گونجاوی کێشەی کورد پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و پێی لەسەر دادەگرێت، ئەم (ئینتسابی فەردە بۆ توێژی کەمینە)و بەپێی ئەمەش دیاریکردنی رادەو ئاستی مافەکان وەکو( هاولاتی پلە دوو) رەسمیەتی پێ دەدرێت. ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسیی شیعەو بنلادنی دان بە وجودی کێشەیەکی لەوجۆرەدا بە ناوی مەسەلەی کورد نانێن تا ئەسڵەن خۆیان بە چارەسەریەوە خەریک بکەن!

بەم پێیە چارەسەری مەسەلەی کورد یەکێکە لە گرفتە سیاسیە-کۆمەڵایەتیەکانی عێراق کە دەبێت لەلایەن چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە لە عێراق  وەڵامی دروستی پێبدرێتەوە. ڕێگاچارەی ئەم کێشەیەش لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە بە شێوەیەکی زۆر رۆشنو دیاریکراو خراوەتە روو کە بریتی یە لە جیاکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادی خەڵکی کوردستانەوە.

 لەو رووەوە کە ئەو جێگیرییە سیاسیە نیسبیەی ئێستای عێراق قابیلی بەردەوامبوون نییە، ولە کاتی مانەوەی کوردستان لە عێراقدا ئەگەری کارەساتی مەترسیدار هەیە کە سیمای سیاسی کۆمەڵایەتی عێراقو بزووتنەوەی جەماوەری عێراقو کوردستان بۆ ژیانێکی ئارامو ئازادو یەکسان روبەرووی خەتەری جدیو لەناوچوون دەکاتەوە، دەبێت چارەسەری مەسەلەی کوردو جیابوونەوەی کوردستان ببێتە ئەولەویەتی سیاسی هەر هێزێکی سیاسی دڵسۆزی خەڵکو بەرپرس بەرامبەر ژیانو ئایندەی ئەو خەڵکە لە عێراقو کوردستاندا.

 بەڵام لایەنی دووەمی ناسینی ووردو واقعیی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە لە ئاکامی ئەو جێگیرییە سیاسیە نیسبیەی ئێستا هەیە، خەڵک، سەرباری خواستی چارەسەری مەسەلەی ئایندەی سیاسیی، خوازیاری باشبوونی ژیانو گوزەرانیشیەتی. پڕوپاگەندەو بیانووە سیاسیەکانی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد دەربارەی هەڕەشەکانی" دەرەوەی ماڵی کورد"و مەترسیەکانی سەر"ئاسایشی نەتەوەیی کورد" بەو رادەیە کاریگەری چەواشەکارانەی لەسەر خەڵک نەماوە وەکو دەورانی گاڵتەجاری" هەڵبژاردن" کە سەرباری نارەزایەتی لە گەندەڵی ئیداریو گیرفانپڕکردنی سەرانی ناسیۆنالیستی کوردو بەرپرسانی دوو حیزبی دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندانو سەرمایەدارانی نزیکیان، راپێچی دەنگدان کران! یان ناچار بن دان بە جەرگیاندا بنێنو تەحەمولی برسێتیو جیاکاریو نایەکسانیو پێشبڕکێی هەڵ لوشینی پارووی خەڵک لە لایەن ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەوە بکەن، تا نەوەک وجودی فیزیکیشیان روبەرووی ئەنفالو کیمیابارانو کۆمەڵکوژیەکی دیکەی ناسیۆنالیستەکانی عەرەب بێتەوە!

هەرچەندە بوونی ئەو رادەیە لە جێگیری سیاسی نیسبی لە کوردستان، لەلایەن ناسیۆنالیزمی کوردەوە وەکو بەڵکەیەکی سەرکەوتوویی مۆدێلی دەسەڵاتەکەی بانگەشە دەکرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بووەتە مایەی کێشەو گرفت بۆی. کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشو ئازادیخوزاو یەکسانیخوازی کوردستان بەورادەیەی هەست بەجێگیریەکی سیاسی نیسبی دەکەن، بەو رادەیە

هەست بەوە دەکەن کە هەڕەشەی "دەرەوە"یان لەسەر کەمتر بۆتەوەو ترسی گەڕانەوەی زوڵمو سەرکوتی نەتەوەیی یان کاڵتر دەبێتەوە، بۆیە بەو رادەیە روویان وەردەگێڕنەوە بەلای دوژمنی واقعیاندا کە بە ناحەقو بەهۆی "بەرەکەتی" زوڵمو ستەمی نەتەوەییەوە خۆی کردۆتە دۆستو دەمڕاستو کوێخای ئەو خەڵکە. روو دەکەنەوە ئەوانەی کە لەسەر رەنجو ئارەقو خوێنو لەسەر زەوتکردنی پارووی دەمی ئەوان خەریکی کەڵەکە کردنی سامانو سەروەتن،وە یەخەیان دەگرن.

لەوکاتەوە ناسیۆنالیزمی کورد حاکمیەتی لە کوردستاندا درایە دەست، لەوکاتەوە نارەزایەتی خەڵک دژی مشەخۆریو گەندەڵیو نایەکسانیو بە تالانبردنی داهاتی کوردستان لەلایەن ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە دەستی پێکردوە. تەنانەت چەندین جار شێوازی خەباتی ئاشکراو جەماوەری بەخۆوە وەرگرتوە، بەڵام بەهۆی مانەوەی رژێمی دڕندەی بەعسو مەترسی هەموو رۆژەی گەڕانەوەی ئەم رژێمە هارو بێهەوسارەی بۆرژوا ناسیۆنالیستی عەرەب، خەڵکی کوردستان ناچاردەبوون کە نارەزایەتیەکانیان لە ئاستێکی دیاریکراودا بهێڵنەوە،بگرە زۆر جار بە دوو دڵیەوە دەستی بۆ بەرن. بێجگە لەوەی کە دەستی ناسیۆنالیزمی کوردیش ئاوەڵا بوو بۆ سەرکوتی ئەو نارەزایەتیانە بە تۆمەتی خزمەتکردن بە بەعسو تاپوری پێنجەم!

بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی تەمەنی رژێمی بەعسدا ئەم فلیمە بێتامە کۆتایی هات. ئێستا وادەردەکەوێ سەرکردەکانی ناسیۆنالیستی کورد بەشدارن لە حکومەتی ناوەندیدا. بۆیە بیانوە سیاسیەکان بۆ چەواشەکردنی خەڵک بەرەو ئەوە دەچن کارایی خۆیان لەدەست بدەن. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، لاوانو ژنان، کارمەندانی دەستەنگو سەرجەم ئازادیخوازان هەست دەکەن کە ئیتر بۆ دەرکێشانی مافەکانی خۆیان لە گەرووی ئەم حاکمە"خۆماڵیانە"دا دەبێ خۆیان کۆبکەنەوە.

بزووتنەوە نارەزایەتیەکانی ئەم 3 مانگەی دوایی ئەم راستیەی سەلماندووە. کۆمەڵگایەک هەیە کە رادەیەک لە جیگیری سیاسی تێدایە. خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە دەیەوێ بژیو خۆشگوزەران بێت. قبوڵی ناکات بەبەرچاویەوە دەوڵەمەندانو بەرپرسانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان سامانو سەروەت لەسەر یەک بنێنو ئەمانیش زەقەی چاویان بێت! ناتوانن بێ خانەو لانە، بێخزمەتگوزاری شارەوانی، بێ ئاوی پاکژی خوادنەوە ، بێ کارەبا، بێ جادەوبانی شیاو، بێ زێرابو ئاوو ئاوەڕۆ، بێ زەمانەتی تەندروستیو کۆمەڵایەتی، بێ دابینکردنی بیمەی بێکاریو بیمەی خانەنیشنی بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵک، بێ دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندنی هاوچەرخ بۆ لاوانو منالانی خێزانەهەژارەکانو.. لەپاڵ سەرکوتی هەر دەنگێکی نارازی بەم ناعەدالەتیە لەلایەن ئەم دەسەڵاتدارە هاوخوێنانەوەو دەیان بێمافیو غەدری کۆمەڵایەتی دیکە، بێدەنگ دابنیشن! خەڵکی دەستەنگی کوردستان گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ئیتر زوڵمو زۆرداریو تالانچێتی بە نانو سفرەی ئەوانەوە بەسە! زەمینەی سیاسیو کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانو گیرسانی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد لە پێناو یەکسانیو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیو ئازادیدا لە ئارادایە.

بە بڕوای من لە کوردستانی عێراق دەبێت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریو حیزبەکەیو رابەرانی سیاسی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی خەڵک لە دوو مەیداندا کار بکەن بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری خەڵک. بزووتنەوەیەک گە هاوکات رووی لە باشبوونی ژیانو گوزەرانی خەڵک

بێت‌و بۆ ئازادی‌و مافه سه‌ره‌تاییه‌کانی ئینسان له کوردستان خه‌بات بکات‌و بۆ یه‌کلایی کردنه‌وه‌ی ئاینده‌ی سیاسی کوردستانیش ده‌ست به‌کار بێت؟ بزووتنه‌وه‌یه‌ک که هاوکات یه‌خه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارانی ناسیۆنالیست بگرێت بۆ وه‌رگرتنه‌وه‌ی پارووی زه‌وتکراوی ده‌می خه‌ڵک‌و ماف‌و ئازادیه‌کانی‌و هه‌روه‌ها ببێته نوێنه‌ری سیاسی خواستی ریفراندۆم‌و جیابوونه‌وه‌ی کوردستانیش. بزووتنه‌وه‌یک که بتوانێ هه‌م له‌سه‌ر نان‌و ئازادی خه‌ڵک بجه‌نگێ‌و هه‌م ئاینده‌ی سیاسیی ئه‌و خه‌ڵکه‌ش به قازانجی ئه‌وان بچه‌رخێنێ!